# کوردەکانی ئێران خۆیان بۆ ساڵیادی هەڵەبجە ئامادە دەکەن

## دڵشاد خۆشناو/تاران

لە ئێستاوە خوێندکارە کوردەکانی زانکۆکانی ئێران بە گشتی، خەریکی خۆ ئامادە کردنن بۆ مەراسیمی چواردەهەمین ساڵیادی کارەساتی هەڵەبجە، شایانی باسە هەموو ساڵێك ئەو مەراسیمە لە لایەن خوێندکارە کوردەکان بەڕێوە دەچێت و خەڵکێکی زۆری فارسیش ئەو مەراسیمە دەبینن، ئەو زانکۆیانەی کە تا ئێستا رایانگەیاندوە بۆ ئەوەی کە نوسەر و شاعیر و هونەرمەندان بەرهەمەکانی خۆیان بنێرن بۆ بەڕێوبەرایەتی مەراسیمەکان بریتین لە:زانکۆی تاران لە تاران و زانکۆی بەهەشتی لە تاران و زانکۆی رەجایی لە تاران و زانکۆی رازی لە کرماشان وزانکۆی ورمێ لە ورمێ و زانکۆی هەمەدان لە هەمەدان و چەندین زانکۆی تر لە شارە جۆراو جۆرەکانی ئێران. ئەمەو جگە لەو خۆ ئامادە کردنەی کە لە لایەن هەندێ لە هونەرمەندان و وەرزشکاران بە هاوکاری فراکسیۆنی کوردی ئەنجومەنی شورای ئیسلامی، کە چەند رۆژێ لەمەوبەر کۆمیتەیەکیان پێکهێنا بۆ دروست کردنی لێژنەیەك بۆ بەڕێوە بردنی ئەو مەراسیمە.